## لە یادی تێپەڕبوونی 23 ساڵ بە سەر شەهید بوونیدا، نامەیەک بۆ سەر مەزاری پێشڕەو چەمچەماڵی ... دڵشاد حافز



هاورێ و برا پێشڕەو.. ئەگەر چی ئێستا تۆ مەرگ لە بەر دەستمانی هەڵگرتی، بەڵام مەرگی تۆ و سەدانی وەکو تۆ هاندەرمان دەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیەمان، ئێوە زۆر سەر بەرزانە بە کاروانی پڕ شکۆی شەهیدان شاد بوون، بەڵام سەنگەرەکانی خەبات و تێکۆشانتان لای ئێمە چۆڵکرد و بە شەهید بونتان گڕی بڕوای مەشخەڵانی شۆڕشی نوێ گەلەکەمان پتەونر وشێلگیرانە هاتنە ناو کۆڕی خەباتەوە،

کاکە پێشڕەو.. شارۆچکەی چەمچەماڵ زۆری لە ڕۆڵەکانی کردە قوربانی لە پێناوی سەرکەوتن و سەرفرازیدا.. دەیان و سەدان شەهید تێکەڵ بە کاروانە بڕ شکۆکەی نەمران بوون، یەکێك لەو شەهیدە مەزنانەی شارەکەمان کە لە کاتی ڕاپەڕینەکانی کوردستاندا وەکو بەووری چاوتیژ هیرشی دەکردە سەر مۆڵگای داگیرکەران لە چەمچەماڵ، شەهید ناسیح مەلا تەیب بوو، من تاکیدم ئێستا لە بەهەشتی بەرینی شەهیدان بە دیداری شاد بوویت،

شەهید نامیق حەمە شکور ((پێشڕەو)) لە ١٩٥٦ لە بنەماڵیەکی هەژاری نیشتمان پەروەر و لە شارۆچکەی چەمچەماڵ چاوی بەدیمەنی پڕ ئازار و پەلاماری داگیرکەران و گوند سوتان هەڵهێناوە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە چەمچەماڵ و دواناوەندی لە کەرکوك لە ئامادەیی کوردستان ئەنجامداوە. هەر لەو کاتانەوە پەیەوەندی دەکات بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و زۆر چالاکانە ئەرکەکانی سەر شانی بە ئەنجام دەگەێنێت..

لە ساڵی 1976 دەچێتە زانکۆی موسڵ و دەبێتە خوێندکاری بەشی ئابووری. لە ساڵی 1977 پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە

لە ساڵی 1979 کاکە پێشڕەو بە سەرکەوتووانە قوناغەکانی زانکۆ دەبڕێ و دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی گەرمی خێزانەکەی و بڕوانامەی زانکۆ پێشکەش بەو باوکە خۆشی نەدیوەکەی ئەکات کە ساڵەها بوو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە کاکە نامیق ی کوڕە گەورەی دەست بداتە ژێر ئەو بارە قورسەی باوکی و یارمەتی ئەو خێزانە بدات، بەڵام شەهید نامیق بەدەستەکەی تری شهادەی بوون بە ڕۆڵەی گەلی پێشکەش بە باوکی کرد. ئەو گەلە ستەم لێکراوەی کە کەسی نی یە غەیری هەژاران و ڕەنجدەران نەبێ.

کاکە پێشڕەو لە هەمان ساڵدا ماڵئاوایی لە ژیانی شار و دایك و باوکی کرد و ڕووی کردە چیا و پێدەشتەکانی کوردستان و بوو بە پێشمەرگە،

لە ساڵی 1980 لە بەر کارامەیی و لێهاتوویی خۆی کرا بە بەڕێوەبەری خولی کادیران لە ناوزەنگ، جگە لەوەش وانەی ئابووری سیاسی دەوتەوەلە خولەکەدا. ، شەهید پێشڕەو کتێبێکی ئامادەکردبوو بە ناوی ((قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ و بیری ئابووری)) . هەروەها چەندین بابەتی سیاسی و ئابوری لە بڵاوکراوەکانی ناو شۆڕشدا بە چاپ گەیاندبوو.

شەهید پێشڕەو.. چەندین کاری کردوە لە ناو شۆڕشدا لەوانە ((ئیدارەی مەکتەبی سیاسی، بەر پرسی کۆمیتەی رێکخستنی گەرمیان و پاشان بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوچەی سۆران و بالیسان)) ، هەروەها لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی گەرمیان و بالیسان بەشداری کردوە

لە١٩٨٣/٤/٢٧لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە سنوری بالیسان لە گەڵ چەند هاورێ یەکی تێکۆشەری دا شەهید دەبن. وبە خوێنی پاکیان لە سەر تەوێڵی مەرگ نوسیان ((نەسرەوتن تا سەرکەوتن)

بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ئەم شەهیدە مەزنە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شارۆچکەی چەمچەماڵ نەخۆشخانەیەکی گشتی بە ناوی ((نەخۆشخانەی گشتی شەهید پێشڕەو)) کردەوە کە نوێترین ئامێری پزیشکی لە خۆ دەگرێت لە پێناوی خزمەتکردنی ئەو جەماوەرە بە شەرەفەی کە هەزارانی وەکو کاکە پێشڕەو، خوێنی خۆیانیان لە پێناودا بەخشی..

هەزاران سلاو لە گیانی پاکتان بێ ئەی شەهیدە نەمرەکانی کوردستان..

یادی شەهید بوونت پیرۆز بێ کاکە پێشڕەو.... ..

دڵشاد حافز
لەندەن